وەزیری داد زیندانی ناوەندی بەغداد بەسەردەکاتەوە رێنمایی دادات سیستەمی چاودێری پێرەی پێبدرێت



ئەمڕۆ پێنجشەممە، خالید شوانی وەزیری داد سەردانی زیندانی ناوەندی بەغدادی کردو رێنمایی دا سیستەمی چاودێری پێرەی پێبدرێت.

وەزارەت لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: خالید شوانی وەزیری داد سەردانێکی لێناکاوی بۆ زیندانی ناوەندی بەغدا ئەنجامدا، بۆ یاوەری ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق، پەرلەمانتار عەبدولکەریم عەبتان جبوری، بۆ پەداچوونەوە بۆ کێشەکانی زیندان و هادی جێبەجێکردنی پاوەرکانی مافی مرۆڤ بۆ دیاریکردنی بارودۆخی زیندانییەکان.

بەیاننامەکە ئاماژەی بۆوشکردووە: وەزیر کێشەی نەخۆشخانەیەکی تایبەتی کردووە بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی ئالوودەبوون بۆ بکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکان، هەروەها فەرمانی نەشێنکردنەوەی ناوچەی هوبووبوونەوە بۆ خزانی زیندانییەکان بۆ زووترین کات دەرکردووە، هەروەها کێشەی بەگ بۆ هاتنە ژوورەوەی کتێب و گۆڤارەکان بەدەت تەنها پشکڵکاریی نەزمی گشتی نێبن لە سەرجەم بەندەوبەرایەتییەکانی چاکسازی، هەروەها گرنگی بە لایەنی هۆشیبەری بەدەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لای زیندانیان، ئەمە جگە لە ئامادەکردنی هەموو پێداویستییە پزیشکییەکان و پێداویستییە تەندروستی و خزمەتگوزارییەکان .

رونیشیکردەوە: لە میانەی گەشتەکەیدا بۆ هۆکانی زیندان، شوانی چاوی بە ژمارەیەك زیندانی کەوتووە و بە تایبەتی گوێی لە سکاڵا و داواکاریەکانیان گرتووە.

لە کۆتایی بەیاننامەکەدا هاتووە، کە شوانی جێختی لە زیادکردنی قەڵا ئەمنیەکانی زیندانەکە و پەرپێدانی سیستەمی چاودێری کردووە، هەروەها ڕێنمایی زیندانەکەی کردووە لەگەڵ مەفرەزەیەکی K9 ڕاوانەی بکرێت بۆ زیادکردنی کۆنترۆڵی هاتنە ژوورەوەی کەلوپەلی قاچاخ.